# تەنانەت ئەگەر پەشیمانیش بێتەوە....؟

هیوا عبدالله

زۆر سەیرە، دەسەڵاتی کوردی بە سەرۆکایەتی "پ د ک" و "ی د ک" لە سەرەتای سەدەی 21مینیشدا کە بە سەدەی شۆڕشی تێکنۆلۆژیا، مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین دەناسرێ، لە لایەک بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەوان نمونەیەکی دیموکراتین بۆ داهاتوی پرۆسەی دیموکراسی لە عێراق و لە لایەکی دیکە، هەڵوێستەکانیان هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ هەڵوێستی خێڵەکانی سەردەمی بەردین نیە.

کێشەی د.کەمال سەید قادر کە بوەتە بەڵایەک بەسەر سەری "پ د ک" نە دەتوانن بیکوژن، نە دەتوانن ئازادی بکەن، خەون بەو ڕۆژەوە دەبینن وشەیەک لە دەوی د.کەمال دەربچێ کە نیشانە و بۆنی پەشیمانبونەوە و لێبوردنی لێ بێ، بۆ ئەوەی بەو خەڵکانەی کە ڕۆژێک لەڕۆژان ئەو جۆرە ڕەفتارانەیان ڕەخنەکردوەو قسەیان لەسەری کردوە یان شتیان نوسیەوە، بۆ ئەوەی بەو کەناڵە ڕاگەیاندنانە بە ڕادیۆ، تەلفزیۆن، ڕۆژنامە، گۆڤار و مالپەرەکانی ڕابگەیەنن، ئەوە د. کەمال پەشیمان بوەوە ئێوەش ..................پێما!. بەتایبەتی ئەوان لە سەرو بەندێکدا کە بە ئاشکرا خەریکی ڕاوە ڕۆشەنبیر و هونەرمەند و کۆلکە سیاسەتمەدارن، خواخوایانە د. کەمال پەشێمان ببێتەوە تاکو "جەنابی سارۆک" ((حافو))ی بکات!!.

نامەوێ بە دور و درێژی لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەم و خەڵکانی دیکە لەمن باشر و زیاتر ئەو بابەتەیان یەک لایەن و دوو لایەنەو هەمە لایەنە تاووتوێ کردوە و وا پێدەچێت کێشەکەش بە شێوەیەک لە شێوەکان چارەسەر ببێ و وە ڕەنگبێ ئەو نمونەیەی د. کەمال بەتەنیا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئەنجام نەدرابێ، ڕێکخراوەکانی دیکەش ئەوەیان کردووە، بەڵام لەم سەردەمەدا کە کوردستان بەو دەستکەوتانە گەیشتوە، ئەو کێشەیە جێگای ئەوە نیە باس نەکرێ.

وادیارە ئەو هەموو خەڵکە نیازیان خراپ نیە کە کێشەی د.کەمال بۆ بەرژەوەندی سیاسی، ئایدۆلۆژی خۆیان بەکاربێنن، ئەگەر چی هەندێک وڵات و نەتەوە و لایەن و کەسیش هەبن ئەو هەڵوێستە نیشان بدەن، ئەوا پێویستە ئەو لایەنەی کە سەرچاوەی کێشەکەیە سەرەتای لەخۆی بپرسێ، پاشان گلەیی لەو لایەنانەی دەرەوەی خۆی بکات.

لێرەدا دەمەوێ باس لەو چەمکە فیوداڵیە ڕەفتار خێڵەکیە بکەم کە. دەیانەوێ بەسەر د.کەمالی بسەپێن، ئەویش ناچارکردنی ناوبراوە بۆ پەشیمان بونەوە.

ئەگەر ئەو دەسەڵاتە تۆزقاڵێک بیر لە کەسایەتی، هۆنوری تاکەکانی ناو کۆمەڵگای خۆی بکاتەوە دەبێ ئەوە نەکات، هەوڵدان بۆ پەشیمانکردنەوەی د.کەمال عەیبێکی گەورەترە لە هەوڵدانی ڕفاندنی و سزادانی بۆ ماوەی 30 ساڵ بە بیانوی ئەوەی جوێنی بە کەسێک لەناو بنەماڵەی خۆیان گوتەنی "پیرۆزی بارزانی" داوە. خۆی ڕاستە بەشێکی زۆر لە ئەندام، پێشمەرگە، بەرپرسیار و بەڕێوەبەرانی "ی ن ک" و "پ د ک" ئەو کەسانەن کە پەشیمان بونەتەوە. وە بەلای هەردوو حزبەوە کەسانی پەشیمان بوەوە، بەرژەوەندخواز، ئەوانەی بە پاروە نانێت ئامادەن سەری خۆیان بۆ هەموو ڕەفتارە نابەجێکانی دەسەڵات و حزب شۆڕ بکەن نرخیان لە کەسانی خاوەن هەڵوێست و بەپرەنسیپ و خاوەن کەسایەتی گەلێک زیاترە. یەکێک لە وتە پڕزەتیڤەکانی د. کەمال ئەوەیە کە دەڵێ "سیستەمی دیموکراسی سیستەمێکی پێشکەوتوە، ڕاستە بەڵام بەڕێوەبردنی زەحمەتە، هەروەها سیستەمی دکتاتۆری، دواکەوتوە، زاڵیمە، بەڵام بەڕێوەبردنەکەی زۆر ئاسانە". واتە دەتوانین بڵێین ئەورۆ پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەوڵی ئەوە دەدات بەشێوەیەک خۆی لە کێشەی کەمال سەید قادر بدزێتەوە

که نەک نەسوتێ، بەڵکو بەبەردێک بتوانێ چەند چۆڵەکەیەک بکوژێ، چۆڵەکەکانیش لەلای ئەوان ئەمانەن:

1- چۆڵەکەی یەکەم خودی پارتیە کە دەیانەوێ ڕابگەیەنن د.کەمال پەشیمان بۆتەوە بۆیە "جەنابی سەرۆک حەفوی دەکات".

2- چۆڵەکەی دووەم کەمال سەید قادر خۆیەتی کە بەو گوتەیە کۆتایی بە ژیانی سیاسی و کەسایەتی خۆی بێنێ چونکە پارتیش دەزانی کورد وتەنی "سواربون عەیبێک و دابەزین دوو عەیب".

3- چۆڵەکەی سێیەم ڕۆشەنبیران، نوسەران و ئەو کەسانەن کە دەستیان بە هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزاکردووە و ئەو ڕەفتارەی حکومەتی هەولێر شەرمەزار دەکەن.

4- چۆلەکەی چوارەمیش ئەو دەزگاو دامەزراوە ڕاگەیاندنیانەن کە بەپێی یاسای ڕۆژنامەوانی نەتەوەیەکگرتوەکان ئەرکی خۆیان کە بریتیە لە دڕکاندنی ڕاستیە شاراوەکان کە هەردوو دەسەڵات و پیاوەکانیان خۆیان لێی کەڕ کردوە.

ئەم هەوڵە جگە لەوەی هەولێکی ڕاست و ئینسانی نیە، کەتۆ بتەوێ کەسایەتی تاکێک بەتایبەتی کە لە نژاد و نەتەوەکەت و وڵاتەکەتە بروخێنی و کۆیلەی بکەی، لە هەمان کاتدا هەولێکە دژ بە کۆمەڵگا، ئێستا ئەو کەسانە زۆرن لەناو پارتی و یەکێتی بەڵام هەموویان لەبەرامبەر ڕاچلەکاندنێکی هەرە بچوک ئامادەنین بۆ ماوەی 5 خولەک نیشتیمان و وڵات بپارێزن، وە ئەو هەولەی پارتی لەسەر د. کەمال پلانێکە لە پلانەکانی دەسەڵاتی باشور کە توانای بەڕێوەبردنی وڵاتیان بەشێوەیەکی دیموکراسیانە نیە، بۆیە پەنا دەبەنە بەر شێوازی بەڕێوەبەرایەتی دکتاتۆری یان چەواشەکاری.

خۆی ئەگەر مرۆڤ بێتە سەر ڕاستی دەبێ بزانێ کە زیندان چیەو چۆنە؟ ئەوەی بۆ ماوەی دوو کاتژمێر زیندانی نەبینێبێ نازانی ژیانی ناو زیندان چیە؟ بەتایبەتیش ئەو زیندانانەی "ی ن ک" و "پ د ک" کە هەڵگری بەشێک لە کولتوری وڵاتە دواکەوتوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی ڕژێمی بەعسن، کە وەک شەیتان و ئاژەڵ لە مرۆڤی دیلکراو دەڕوانن.

عەیب نیە گەر کەسێک نەتوانێ خۆی لەبەرامبەر گوشارەکانی زیندا وەک: تفلێکردن، برسی هێشتنەوە، لێدان، شەڕی دەرونی، بەتەنیا هێشتنەوە بەبێ ئامرازەکانی گەیاندن و...هتد. ڕاگرێ، چونکە مرۆڤ لە ئەنجامدا گۆشت و ئێسقانە بەردو پۆڵا نیە. هەرچەندە بەهۆی هەڵگرتنی کولتوری فیوداڵی لەلای ئێمە زۆر عەیبە کەسێک کە کەوتە زیندان سەری خۆی بتەوێنێ، بەڵام ئەوە لە وڵاتە پێشکەوتوخوازەکاندا عەیب نیە، وە بەلای منەوە شتێکی زۆر باشە ئەگەر مرۆڤ لە زینداندا بتوانێ زمانێکی مرۆڤ دۆستانە، ئاشتیخوازانە و زمانی دیالۆگی شارستانیانە لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتەی کە ئەوی خستۆتە زیندان بەکار بێنێ، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی بەهۆی ئەوەی هەڵگری بیر و ڕای خێڵەکی و فیودالی قەبەیە وە هەوڵ دەدا ئەو کولتورە لەناو کۆمەڵگەشدا بڵاوبکاتەوە و بەکاری بێنێ، کاتێک کە پلانەکانی لەبەرامبەر تاکێک سەرناگرێ هەوڵ دەدا ئەو جۆرە شتانە بەکاربێنێ.

لەلایەکی دیکەوە ئەو کەسانەی کە تەنانەت ماوەیەکی کورتیش لە زیندان ماونەتەوە، دەزانن کە دەسەڵاتداران چۆن لە دەرەوە سیاسەتێکی باریک "زراڤ" بەکاردێنن، لە زیندانیش جگە لە ئەشکەنجە بەواتایەکی گشتی، سیاسەتێکی دیکەش لە ڕێگای دیالۆگ بەکاردێنن، گەلێک لە زیندانیەکان دەمی خۆیان دەدرون و قسە ناکەن، واتە زمانی دیالۆگ دەوەستێنن، هەندێکی دیکەیان هەروەک لە دەرەوە لە ناو زیندانیشدا بەشێوەک لە شێوەکان کە دەکەوێتی قاڵبی "دبلۆماسیەتی چەوساوەکان" درێژە بە دیالۆگ لەگەڵ دەسەڵاتداران دەدەن.

بەشێک لە تاکەکانی کورد بەهۆی هەست نەکردن بەو لایەنانەو، بەهۆی کاریگەری کولتوری خێڵەکایەتی، گەلێک جار ناتوانن ئەو ڕاستیە تاووتوێ بکەن، کەچی لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین چۆن دەسەڵاتی ناکامڵ بەمافی خۆی دەزانێ لەناو زینداندا لەگەڵ زیندانیەکە یانیش زوڵملێکراو بکەوێتە

پەیوەندی و سیاسەتی لەگەڵدا بکات بۆ بەرژەوەندی خۆی، جا ئەو بەرژەوەندیە زۆر شتی وەک، هەوڵدان بۆ تەسلیمگرتنی ئەو کەسە، ناچارکردنی بۆ ئەوەی خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی بکات. گەلێک جاریش ئامانجی دەسەڵاتی ناکامڵ ئەوەیە کە لەکاتێکدا دەستگیرکردنی ئەو تاکە لە ڕێگایەکی نایاساییدا سەرئێشە بۆ دەسەڵاتی ناکامڵ دروست کردوە دەیەوێ لە ڕێگای سازش و دیالۆگ خۆی ڕزگار بکات لەو کێشەیە، زۆربەی جاریش هەردوو لایان قازانج دەکەن. دەبێ ئەوە بڵێین چۆن دەسەڵات بەمافی خۆی دەزانێ لە ناو زینداندا سیاسەت بکات، کەسی زوڵملێکراو و زیندانکراویش بۆی هەیە سیاسەت بکات، وە ئەگەر ئەو سیاسەتە وەکو گوتم لەسەر بنەمایەکی ئازادانە بێ، ئەوا باشترین ئازایەتیە، تەنانەت لەو ئازایەتیانەش کەمتر نیە کە شۆڕگێرانی کورد و مرۆڤایەتی لە زیندانی زاڵمەکاندا تۆماریان کردووە. بۆیە ئەوەی ئێستا د.کەمال دەیکات بەلای من زۆر زۆر ئاساییە بەمەرجێک ئەگەر لەو چوارچێوەیە دابێ.

چونکە ئێمە ئەزمونی ئەوەمان هەیە، کاتێک ئۆجەلان لە زیندانەکانی تورکیادا ڕوبەڕوی دادگابوەوە و لەبەرامبەر دادگا بەزمانێکی شارستانیانە قسەی کرد زۆر کەس چ بە ئەنقەست و بە پاڵپشتی لایەنێک وە چ بە هۆی کولتوری باوی فیوداڵانە کێشەکەیان بەشێوەیەک لێکدایەوە کە زۆر جار دەکەوتە قاڵبی بێ ویژدانی نەک ڕەخنەگرتن. کەچی ئەوانەی ئەو بانگەشانەیان بۆ ئۆجەلان دەکرد پێموانیە بتوانن ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە ئۆجەلان هیچ نەبێ لەماوەی ئەو چەند ساڵە چەندین پەرتوکی بەنرخی نوسیوە، کە ئەگەر مرۆڤ بە هەست و تێروانینی ئایدۆلۆژیانە لێی نەڕوانێ دەتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ.

بەڵام دیسان دووبارەی دەکەمەوە زۆر زۆر ئاساییە کە مرۆڤێک نەتوانێ تەنانەت بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێکیش لە زیندان خۆی ڕابگرێ، هەربۆیە ئەمن لێرە وەک تاکێک ڕادەگەیەنم ئەگەر بێت و د.کەمال پەشیمانیش بێتەوە من پشتگیری لێ دەکەم، ئەوە سەربارى سەرنج و بۆچونی جیاوازم لە هەندێک بواردا چونکە، ئەو دەسەڵاتە کە هەڵگری کولتوری دەسەڵاتەکانی پێشوی خۆیەتی کە بەساڵان چەوساندنەوەو ئازاری لە دەستی چێشتوە، ئەو دەسەڵاتەی کە تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە، ڕۆشەنبیران و نوسەرانی ڕکەبەری خۆی بە 30 ساڵ زیندانی تەمێ بکات، با دڵنیا بێ بەپروپاگەندەکردن لەسەر ئەوەی "گوایە کەمال سەید قادر پەشیمان بوەوە یان پێشێمان دەبێتەوە ئێوە چیتان پێما"؟ ناتوانن تەمێ بکەن.

ئیتر ئەگەر د.کەمال پەشیمانیش ببێتەوەو پەشیمانیش نەبێتەوە، ئەو ڕوداوە لە ئەنجامدا دەبێتە تاقیکردنەوەیەک بۆ دەسەڵاتدارنی باشور، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو دەسەڵاتە ناتوانێ لە سەدەی ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیادا سیاسەتی بەعس دوبارە بکاتەوە. وە د.کەمال لە ئەنجامدا بەردێکی گەورەی شکاند. وە دەبێ کەسانی دیکەش ئەزمونێک لە د.کەمال وەربگرن کە هەتاوەکو پێیان بکرێ لەکاتی ڕوبەڕوبونەوەیاندا لەگەڵ دەسەڵات بە شێوەیەکی بابەتیانە، بەزمانێکی مەدەنیانە تێکۆشان بکەن.